# با چیدیکە سامانی مەعنەوی‌و ماددی رۆژنامەگەری لەلایەن حزب و چەند کەسانێکەوە مۆنۆپۆل نەکرێت

**پەیامی گروپێك لە رۆژنامەنووسانی ئازادو سەربەخۆ لە باشووری کوردستان**

رۆژنامەگەری و رۆژنامە لە باشووری کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و هەستیارەوە کە پێویستی بە ڕاوەستانێکی جددی هەیە لەسەری ، لەبەرئەوەی لەپاڵ ئیشکردنی رۆژنامەنووسی بەشێوەیەکی ئازادو سەربەخۆ لەو پەراوێزە ئازادییەی کە لەم ساڵانەی دوایی لە سێ شارەکەی باشووری کوردستان هاتۆتە ئاراوە، میدیای حیزبی بەو زەمینە سازییە سیاسی و ئابوورییەی کە لە کوردستان بۆی کراوە، بەشێوەیەك لە شێوەکان سامانی مەعنەوی و ماددی رۆژنامەگەری و کاراکتەری رۆژنامەوانی مۆنۆپۆل کردووە، لەبەرئەوە ئیشی ئەو میدیا ئاراستەکراوە بەدیوێکی تریدا کوشتنی دەنگی ئازادو هەناسەی ڕەخنەیە لەم وڵاتەدا.....

ئەمڕۆ باشووری کوردستان لە بواری رۆژنامەگەریدا پێشکەوتنی چەندایەتی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام بەدەر لە چەند کەناڵێکی میدیایی سەربەخۆ–کە ئەوانیش بەشێوەیەك لە شێوەکان لەنێو سنووربەندییەکی سیاسیدایە– ئەوا لە ڕووی چۆنایەتییەوە لە دۆخێکی خراپ دایە، لەبەرئەوە دەسەڵات فشارێکی گەورەی کردۆتە سەر کاری رۆژنامەنووسی ئازادو بەچەندین شێوازەوە رێگری لەبەردەم داناون.

پەیامی ئێمە لەم یادەدا قسەکردنە لەسەر چەند تراژیدیایەك کە لەنێو واقیعی رۆژنامەگەری کوردیدا بووەتە دیاردەیەکی درێو کە پێویستی بە بەدەنگهاتن و چارەسەرکردنە....

–تائێستا رۆژنامەنووسانی کوردستان –ئەوانەی بەفیعلی رۆژنامەنووسن و پەیامی گواستنەوەی راستی و ڕووداوو و زانیارییەکان دەبینن– بێ بوونی مینبەرێکی مەعنەوی و یاسایی ئەو پەیامەی خۆیان دەگەیەنن. مەبەستیش لەمە تائێستا لەم بەشەی کوردستان سەندیکایەکی رۆژنامەنووسان بە فیعلی نییە، کە مولّکی هەموو رۆژنامەنووسێك بێت و چەترێك بێت بۆ گشت رۆژنامەنووسان بەبێ جیاوازی. ئەوەی کە هەیە سەندیکایەکی حزبییە و بوون بە ئەندام تێیدا ئەگەرهاتوو رۆژنامەنووسێك حیزبی نەبێت، تووشبوونە بە چەندین گرفتی بێمانا تا ڕادەی فەرامۆشکردنی فایلەکەت و هێنان و بردنت و سوکایەتی پێکردنت.... لەمبارەیەوە کەسانێك هەن خاوەنی ئەو

چیرۆکە ناخۆشە بن لەگەڵ سەندیکای ناوبراودا. لەبەرامبەریشدا کەسانێك هەن ئەندامن بێئەوەی بزانن ئەلف و بێی رۆژنامەگەری و نووسین چییە...؟!

—هەر کەسێك نەبووبێتە ئەندام لەو سەندیکایە ناتوانێ ببێتە خاوەنی ناسنامەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی جیهانی.

—ڤیستیڤاڵی بەدرخانو دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن چەند کەسێکەوە:

لە کوردستان کاری رۆژنامەنووسی و ئیمتیازاتەکانی بەسەر چەند کەسێك دابەشکراوە، کە پیاوی حزبن، ئەوەی جێگەی داخە، سەندیکا لە دابەشکردنی ئیمتیازاتەکان توانیوەیەتی خۆڵ بکاتە چاوی هەندێك رۆژنامەنووس کە لە ماوەی رابردوو جێگەی ئومێد بوونە،کەچی ئێستا لە گەڵ ئەوەی ئەو واقیعە تاڵە دەبینن، بەڵام ئیمتیازەکان رێگەیان پێنادات دەنگ هەڵبڕن. ئاشکرایە پشکی گەورەی ئەو ئیمتیازو خاوەندارێتییە هەتا هەتاییەش بەر کەسانی سەر بە حزبە دەسەلآتدارەکان دەکەوێت. لێرەوە پێویستە ئاماژە بە ڤیستیڤاڵی ساڵانەی "بەدرخان" بدەین کە ئەوە چەند ساڵێکە لە □ □ نیسان لەلایەن "دەزگای بەدرخان" وچەند کەسێکەوە سازدەکرێت و پارەیەکی زۆریشی لەلایەن حزب و دەسەلآتەوە بۆ خەرجدەکرێت...لە کاتێکدا وەزعی زۆربەی رۆژنامەنووسانی کورد باش نییە و ئەو کەسانەی لە دەزگا ئەهلی و سەربەخۆکان کاردەکەن لەبەر کەمی موچەکەیان ناچاردەبن کاری تر بکەن کە زۆر لە پیشە و حەزەکەی خۆیان دوورە. ڤیستیڤالی ئەمساڵی یادی رۆژنامەگەری کوردی کە لەم رۆژانە لە بەرلین ئەنجامدەدرێت، سەرباری ئەوەی هەڵبژاردنەکە بەزۆری لەسەر بنەمای حزبی بووەو لەلایەن چەند کەسێکەوە ئەو خەڵکانە دەستنیشان کراون، ئەوا کەسانێکی تێدایە کە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندییان بە رۆژنامەو دنیای رۆژنامەگەرییەوە نییە.

—ئەمساڵ کە ڤیستیڤاڵی بەدرخان و یادی رۆژنامەگەری کوردی لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا دەکرێت، ئەوا لەسەر حیسابی رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووس لەم وڵآتە شەکەتە، کەسانێك لەنێو لیستی داوەتەکان دانە کە هیچ پەیوەندییەکیان بە کاری رۆژنامەنووسییەوە نییە، یان وەك پیشە رۆژنامەنووس نین، تەنانەت پیاوی وای تێدایە تا رووخانی رژێم بەعسی بووە. هەروەها داوەتکردنی سێ رۆژنامەنووس لە تاکە دەزگایەکدا.

—تەوەرێکی تر کە پێویستە ئاماژەی پێبدەین وەزعی نالەباری رۆژنامەنووسانە بەهۆی زیابوونی هەڕەشەو گرتنو لێدان لەلایەن دەزگاکانی حیزبییەوە لەم وڵآتە، هەروەها نەبوونی حەسانەیەکی

جـددی و دیـاریکراو بـۆ کاراکتــەری رۆژنامــەنووس، نــەبوونی گــەرەنتی و زەمانــەتێك بــۆ کــاری رۆژنامەگەری.

–ناونانی رۆژنامەنووسان و نووسەران و رۆشنبیرانی سەربەخۆ و ئازاد بە کەسـانی گێرەشـێوێن و دوژمنی ئەزموونی حکومەتی هەرێم و نـاوی تـری لـەم جـۆرە کـە ئەمـەش ناهەقیـەکی سیاسـی و کۆمەڵایەتی گەورەیە بەرامبەر بە خەڵکانی دڵسۆزو رۆشنبیرو نەتەوەیی دەکرێت.

با یادەوەری 🗗🗗ی نیسانی ⏩⏮⏩ □ کە رۆژی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردییـە لـە تاراوگە، یادی هەموو رۆژنامەنووسانی کورد بێت بەبێ ئاوارتە

بەڕێزان.....رۆژنامەنووس و نووسەرو رۆشنبیرانی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات

پــەیامی ئێمــە لــەو رۆژەدا قــسەکردنە لەســەر نــەبوونی مینبــەرێکی ســەربەخۆ و ئــازاد بــۆ رۆژنامەنووسان تا لەڕووی مەعنەوی و یاساییەوە داکۆکی لە سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان بکات بـەبێ جیـاوازیکردن و مومارەسـەکردنی سیاسـەتی پەراوێزخـستن، کـە لـە سـاڵانی رابـردوو چەندین رۆژنامەنووسی بەتوانا دووچاری ئەم حاڵەتە ناخۆشە و نامەدەنییە بوونەتەوە و بەهەموو شێوازێك دژایەتییان کراوە.....

هەموولایەك دەزانین سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردسـتان، سـەندیکایەکی حزبییـە و سـەرۆك و دەستەی بەڕێوەبردنی ئەو سەندیکایە لەسەر بنەمای حزبی دابەشکراوە و ئەمە حەقیقەتێکی تاڵە و باجەکەشی هەر رۆژنامەنووسە سەربەخۆکان دەیدەن.....کاتێکیش سەندیکا سـەربەخۆ نـەبێت بێگومان نـاتوانێ بـەڕێك و پێکـی و بەشـێوەیەکی دادپەروەرانـە ئـەدائی کارەکـانی خـۆی بکـات، بەمەش نموونەی زۆر نزیك و زیندوومان لەبەردەست دایە، وەك ڕێوشوێنەکانی بوون بە ئەنـدام لـە سەندیکا کە ئەگەرهاتوو "تۆ" وەك رۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ داوای ئەندامێتی بکـەیت، دواجـار تووشی چ مەهزەلەیەك و دژایەتی و سوکایەتیپێکردن دەبیتەوە هەر لە فەرامۆشکردنی داواکەت و ونکردنـی لەلایـەن ئـەو سـەندیکایەوە تـا دەگاتـە بـارگرژی و قـسەی ڕەق و هێنـان و بردنێکـی زۆر...کاتێکش تۆ نەبێتە ئەندامی سەندیکا شوناسی رۆژنامەگەریت نابێت و ئینجـا لـەم وڵاتـە بـێ یاسایەش کە یاسای دارستان تێیدا زاڵ بێت، چ مینبەرێکی شەرعی نابینیتەوە داکۆکیـت لێ بکـات ئەگەرهاتوو لە کاری رۆژنامەگەریت تووشی کێشەیەك بوویت....؟! خاڵێکی تر ئەگەر ناسـنامەی

سەندیكات نەبێت، دیسان ناتوانی ناسنامەی سەندیكای رۆژنامەنووسانی جیهانی بەدەست بێنیت....

ئەوە لەكاتێكدایە كە ئەو سەندیكایە خاوەنی هەزاران ئەندامە بەناوی رۆژنامەنووس، ئەمەش واقیعی ئەم ولاّتە وێرانەیە...ناعەدالەتی گەیشتۆتە ئاسمان.... دەرگای ماڵەكەشی بەڕووی چەندین رۆژنامەنووسی بەتوان او بەئەزموون و جددی داداوە....

- ماوەیەكە رۆژنامەنووسان دووچاری ئازارو توندوتیژیی جەستەییو دەروونی دەبنەوە لەلایەن چەكدارانی نەناسراوو هەندێك لە دەزگای حزبی نەناسراو، هەروەها پیادەكردنی سیاسەتی پەراوێزخستنو لێدان لە كەسایەتی رۆژنامەنووسی وەك گرتنی محەمەد سیاسی لە شارۆچكەی كۆیەو، رفاندنی حەوێز حەوێزی پەیامنێری هاولاّتی لە كۆیەو رفاندنو ئازاردانێكی زۆری جەستەیی نەبەز گۆرانو، رفاندنو گرتنی ئەحمەد میرە (سەرنووسەری گۆڤاری لڤین) كە ئازاری جەستەییو دەروونی دراوەو رفاندنی سرود پەیامنێری سۆمەریە كە تا ئێستا چارەنووسی دیار نییە. فەخرەدین تاهیر (نووسەر) كە ئازارێكی جەستەیی زۆری دراوە، هێمن بابان پەیامنێری رۆژنامەی هاولاّتی، هەرەشەی تۆپاندن( بەزمانی خۆیان) لە رۆژنامەنوس رەحمان غەریب، هەرەشە لە رۆژنامە نوس ئارام سالح پەیامنێری كوردستانی نوێ و هەروەها ئیستیفزازكردنی رۆژنامەنووسان لەلایەن هەندێك دەزگاو بەرپرس....

دیار عەزیز شەریف

كاوە عەبدولكەریم

كامەران محەمەد

هەڵگورد سەمەد

ئیبراهیم عەلی

رێبین فەتاح

كوردستان

2007/4/21